ڕووداو
# ئەدەب و کولتوور

ژمارە (27) دووشەممە 2017/7/17

email: bijar.hekim@rudaw.net

www.rudaw.net


**ژمارەی داهاتوو:**

» سارامالگۆ و مەسەلەیەک بەناوی نووسین

» نیگایەک بۆ سەر ڕۆمانی (ئەستێرە سەرگەردانەکە ی جان ماری گوستاف لۆکلوزیۆ

# بەهمەن قوبادی بووە ئەندامی ئەکادیمیای ئۆسکار

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دەرهێنەری سینەمایی ناوداری کورد «بەهمەن قوبادی» بووە ئەندامی ئەکادیمیای «ئۆسکار» کە گەورەترین ئەکادیمیای تایبەت بە سینەمایە لە جیهاندا.


ئەکادیمیای هونەر و زانستە سینەماییەکان ئەو لایەنەیە کە سالآنە خەڵاتی ئەکادیمی ناسراو بە «ئۆسکار» دەبەخشێ و ساڵی 1927 لە کالیفۆرنیا دامەزراوە.

ئەکادیمیاکە زیاتر لە شەش هەزار ئەندامی هەیە کە تایبەتمەند و پسپۆڕی بواری هونەری حەوتەمن و لەوەش نزیکەی 5800 کەسیان ئەندامی لیژنەی دەنگدانن.

ئەکادیمیای هونەر و زانستە سینەماییەکان بۆ ئەمساڵیش نزیکەی 800 سینەماکاری نوێی لە سەرانسەری جیهانەوە بانگهێشت کردووە بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی بەشە جیاوازەکانی، لەنێو ئەوانەدا نۆ سینەماکاری ئێرانیش هەن کە دەرهێنەری ناوداری کورد «بەهمەن قوبادی» یەکێکە لەوان. لەنێو ئەو نۆ کەسەدا دوو دەرهێنەری ژنیش هەن کە بریتین لە لەیلا حاتەمی و گوڵشیفتە فەراهانی.

بەهمەن قوبادی ساڵی 1969 لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. فیلمەکانی لە فێستیڤاڵ و کێبڕکێ جیهانییەکاندا خەڵاتی زۆریان وەرگرتووە.





# کتێبێکی نوێ لەبارەی ژیانی هەمەنگوای

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێکی نوێ لەبارەی ژیانی ئێرنست هەمەنگوای ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ئەمریکی بڵاوکرایەوە کە نهێنیی نوێ لەبارەی ژیانییەوە دەخاتەڕوو.

ماری دیربۆرن، خانمە نووسەری ئەمریکی کە پێشتریش کتێبێکی لەبارەی ژیانی هێنری میلەر نووسیوە، لەو کتێبەدا پەردە لەسەر چەند نهێنییەکی نوێی ژیانی هەمەنگوای هەڵدەداتەوە.

دیربۆرن، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەمەنگوای نەخۆشیی دەروونی لە خێزانەکەیەوە بۆ مابووەوە و جەنگی جیهانیی یەکەم کاریگەریی زۆری لەسەری هەبووە و بەو هۆیەوە بە خواردنەوە کحولییەکان ئاڵوودە ببوو.

هەمەنگوای لە 21 ی یۆلیۆی 1899 لە ویلایەتی ئیلینۆی لە ئەمریکا لەدایک بووە و لە 2 ی یۆلیۆی1961ـ دا بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ساڵی 1954 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت بەهۆی ڕۆمانی "پیرە پیاو و دەریا" کە یەکێکە لە شاکارەکانی لەپاڵ (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن) و کۆمەڵێ ڕۆمان و چیرۆکی ناوازەی دیکە.

هەمەنگوای بە ناسراوترین ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی ئەمریکا دەناسرێت. لە بەرهەمەکانیدا، کاریگەریی هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم و جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا ڕەنگیانداوەتەوە.



# پەیکەری هێمن موکریانی لە پیرانشار دادەنرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

پەیکەرێک بۆ شاعیری ناوداری کورد "هێمن موکریانی" لەلایەن شێوەکارێکی کورد دروستدەکرێت و بڕیارە دوای تەواوبوونی لە شارۆچکەی پیرانشاری سنووری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنرێت.

هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاشی کورد "هادی زیائەددینی" سەرقاڵی دروستکردنی پەیکەرێکە بۆ شاعیری ناوداری کورد هێمن موکریانی و بڕیاریشە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنرێت.

زیائەددینی، ساڵی 1956 لە شاری سنە لەدایک بووە. پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە دەستی بە کاری شێوەکاری کردووە، دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد، دەستی بەکاری پەیکەرتاشی کرد و ساڵی 1976 لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران خوێندنی شێوەکاری تەواو کردووە.


مانگی ئایاری ئەمساڵ، ماڵی هێمن موکریانی کە ماوەی سێ ساڵە بووەتە مۆزەخانە، لەنێو چوارسەد شوێن کە بۆ مۆزەخانە کاندید کرابوون، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەفەرمی وەک بیستەمین مۆزەخانەی گرنگی ئێران ناسێندرا.


هێمن نازناوی شاعیریی، نووسەر و شاعیری کورد سەید محەممەد ئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شەیخولئیسلامی موکرییە. ساڵی 1921 لە گوندی لاچینی نزیک شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و 16ی نیسانی 1986 لە ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە.

# فرۆید- لاکان

## فانتازیای وێناکردنی دوو باوک

### مرۆڤ دەبێ لە ژیاندا بۆ مانای بوونی خۆی بگەڕێت



■ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا


ڕەنگە ئەو ناونیشانەی سەرەوە لە ڕووە ئاشکراکەیدا فرۆید و لاکان وەک دوو باوکی دەروونشیکاری وێنا بکات، بەڵام مەبەستی ئەم نووسینە ئەوە نییە، لە دوولایەنی باوک بە واتە فرۆیدییەکە و لە فانتازیای وێناکردنی (باوک، منی باڵا، ڤالوس) وەک (دال) بە واتا لاکانییەکەی خۆی هەڵدەگرێتەوە... بەو مانایەش چەمکی فانتازیا وەک تێکەڵەیەک لە ڕەگەزەکانی ئاگامەندی و نائاگامەندی دەبینین کە دەکەوێتە نێوان دوو جەمسەری واقیع و خەیاڵ! (لە سەدەی نۆزدە نائاگامەندی- Unconscious- بە شێتەوە پەیوەست دەکرا، واتە ئەو کەسەی کە ناتوانێ لە ڕێگای عەقڵەوە بیر بکاتەوە. فرۆید دەڵێت لە سیستەمی نائاگامەندی نە ڕەتکردنەوە بوونی هەیە، نە پلەکانی یەقین. بەو مانایەش نائاگامەندی منداڵییە و هەمیشە لەگەڵماندایە، بەڵام بە بڕوای لاکان نائاگامەندی شوێنەوارێکی ئاڵۆز و پڕ لە ژاوەژاو نییە، بەڵکو یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندیمان بە یەکترەوە، بەپێی ئەو بۆچوونە نائاگامەندی لە دەرەوەی ئێمەدایە، نەک دەروونمان). لەگەڵ فانتازیا فێری ئەوە دەبین کە چۆن ئارەزوو ئەزموون بکەین، بەڵام دەبێ بزانین ئارەزوو یان (حەز) بە وردی بابەتی نییە، بەڵکو حەزکردن لە شتێکە، شتێک کە ونبووە یان (لەدەستچووە- منداڵ بە ئەزموونێکی تراژیدیی ونکردن و دۆزینەوەدا دەڕوات، ئەو ساتەی کە دایکی لە پێش چاوی ون دەبێت و دەڕوات، لەگەڵ ئەو ساتەی کە دەردەکەوێت و دەگەڕێتەوە- کورتترین چیرۆک کە بکرێ بیری لێبکرێتەوە: شتێک ون دەبێ و دواتر دەدۆزرێتەوە- چیرۆک: بریتییە لە سەرچاوەی دڵدانەوە... شتە ونبووەکان هۆکاری دڵەڕاوکێی ئێمەن و ڕەمزن بۆ هەندێ شتی لە دەستچووی نائاگامەندی و بەپێی تیۆری لاکان ئەو ونبووە جەستەی دایکە، کە چیرۆکی ژیانی ئێمە بەرەو پێشەوە دەبات و ناچارمان دەکات بە شێوەیەکی مەجازی و بێکۆتایی بەدوای جێنشینێکدا بۆ ئەو بەهەشتە ونبووە بگەڕێین. دۆزینەوە شتێکە چێژبەخش. ڕۆیشتن تەنها لەگەڵ هاتندا مانای دەبێت....)

(١)

چەمکی (ئارەزوو) لای دەروونشیکاران مەیلی هەڕەمەکییانەی منداڵانە کە کۆمەڵگا قەدەغەی دەکات، بەمجۆرەش ئارەزوو دەچەپێنرێ... ئارەزووە تێرنەکراوەکانمان یان چەپێنراوەکانمان دەخەینە ناهۆشمەندییەوە، بۆیە ئاگامان لەو واقیعە نییە کە تێیدا دەژین. لاکان لە دووبارە دابەشکردنی فرۆیدی بۆ دەروونی مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ، لە (ڕەمزی و خەیاڵی و ڕیاڵ) دەدوێت، واتە ئەوەی فرۆید لە ڕووی دەروونییەوە بە (پێش ئاگامەندی) یان لە ڕووی کەسێتییەوە بە (سوپەر ئیگۆ) ناوی دەبات، لای لاکان ڕەمزییە و سیستەم و یاسای ڕەمزیی هەیە، بە ڕەمزکردن پێش خەیاڵی دەکەوێت، لە میانی ئەنترۆپۆلۆژیادا سیستەمی ڕۆشنبیری دەگەیەنێت... (ئاگامەندی) یان (ئیگۆ)ی فرۆیدی، بە خەیاڵی ناو دەبرێت (یەکەمجار کە منداڵ خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ، وا خەیاڵ دەکات کە ئەوە جەستەی باوکی نییە، کەواتە ئایا دەبێ خودی خۆی بێت). شوێنی خەیاڵکردن و گۆڕان و گۆڕین... دەگرێتەوە. (نائاگامەندی)ی فرۆیدی یان (ئید)، لای لاکان هیچ شوێنێکی نییە، تەنها لە قووڵایی ماناندا نەبێت دەرناکەوێت، واتە شوێنی بێ شوێنانە، یان هۆیەکە بۆ بونیادی بزر، ئەوەیە کە لاکان ناوی (ڕیاڵ)ی لێناوە و پێش ڕەمزی دەکەوێت...

(٢)

ژاک لاکان ناوی (باوک) وەک تاکێکی واقیعی نابینێ، ناوی باوک دالێکە کە دووانەی (دایک/ منداڵ) لێک جیادەکاتەوە، منداڵ ئاشنای (لەدەستدان) دەکات... بە مانا فرۆیدییەکەیشی منداڵ تووشی گرێی ئۆدیب دەکات (گرێی ئۆدیب- لای فرۆید پەیوەندی سیانەی خێزانی: باوک و دایک و منداڵە، واتە ڕێکوپێککردنی پاڵنەرە سێکسییەکان و چاودێریکردنی منداڵ لەلایەن باوکەوە)... بەو مانایەش کاری باوک دەبێتە هۆی دروستبوونی منی باڵا، یان ڤالوسی لەدەستچوو (ڤالوس دالێکی بەتاڵە، دالی لەدەستدانە)، کەواتە لە دەرئەنجامی بە دەروونیکردنی باوک، منی باڵا دروست دەبێت، بە بۆچوونی فرۆید ناوی باوک بە قەدەغەکردنی سێکس لەگەڵ مەحرەمەکانەوە دەلکێ! بەڵام بە بۆچوونی لاکان گرێی ئۆدیب هەر تەنها لە سێ ڕەهەندی بنەڕەتی (فرۆیدی) پێکنەهاتووە، بەڵکو ڕەهەندی چوارەمی هەیە، ئەویش ڕەهەندی ڕەمزییە کە ڕێگا بۆ هەموو تاکێک خۆش دەکات، بارودۆخێکی ئاڵوگۆڕئامێز و سنووردار لەسەر ئاستی قسەکردن بۆ خۆی بسازێنێ... لای لاکان باوک سیستەمی ڕەمزی و پرسەی دەلالەت "ڤالوس"یە و لەژێر کاریگەریی میتافۆری باوک و سەپاندنی یاساکانی باوکدایە. منداڵ کەسێکی دوو پارچەیە لە نێوان دوو ژیاندا ئاگامەندی و نائاگامەندی، خود و حەزە چەپێنراوەکان.. منداڵ لەبەر باوکی (لەبەر سیستەمی ڕەمزی) نابێتە خاوەن، بۆیە لە دالێکەوە بۆ دالێکی دیکە هەنگاو دەنێ، هەر دالێک گەیەنەری دالێکی دیکەیە، ئەو دالەش درێژبوونەوەی دالێکی دیکەیە.



(٣)

تیری ئیلگلتۆن دەپرسێ ئایا بە خوێندنەوەی مالارمێ دەکرێ دەوڵەتی بورژوازی لەناوببرێت؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستەیە گوتەیەکی جۆلیا کریستیڤا دەهێنمەوە کە دەڵێت: نائاگامەندی شوێنی ئەو پاڵنەرانەیە کە ڕووبەڕووی شێوە (ڕەمزییەکانی باوکایەتی، یان دەسەڵاتی باوکایەتی) دەبنەوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە نائاگامەندی هەمیشە وەک ڕووبەرێکی بۆش، هەموو ڕەمزەکان تێیدا سەربەخۆیی خۆیان بەدەستدێنن، ئەو گوتەیە دەمانخاتە سەر بۆچوونەکەی لاکان: چۆن هۆکارەکانی پەیوەندیمان بە یەکترەوە، بە نائاگامەندییەوە دەبەستێتەوە... لە بیرمان نەچێ بەشێکی گەورەی ئیبداعی ئەدەبی نائاگایی دەینووسێتەوە.

هەڵبەتە دەروونشیکاری دەیسەلمێنێ کە دەسەڵاتی باوکایەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دژە کارە... وەک دەزانین ڕوانینی دژەکار ئەوەی حەزی لێنەکات نایبینێ و بە دیوەکەی دیکەشدا خۆی لە بارەی ئەو شتەی حەشاری داوە فریو دەدات! هێز لە دەست ئەودایە، بۆیە پێیوایە دەتوانێ خۆی بەو گومانەوە فریو بدات، کە ئەو شتە نابینێ! دەشێ ئەو پرۆسەیە بە گەوجێتیی واقیعخواز ناوبەرین، بێگومان دەسەڵاتی باوکایەتی ئەو دژەکارەی خۆی لە پانتایی نائاگامەندی پرۆسێس دەکات، بەو مانایەش نائاگامەندی بۆ دەسەڵاتی باوکایەتی شوێنی فریودان و شاردنەوەیە! هەر لە بارەی ئایدیۆلۆژیاوە ئاڵتۆسێر دەڵێت پێشتر مارکسییەکان ئایدیۆلۆژیایان بە "ئاگایی درۆیین" بە "پەیوەندیی چینایەتی" دەزانی، بەڵام ئایدیۆلۆژیا هیچ پەیوەندییەکی بە کێشەکانی ئاگاییەوە نییە، دواجار بە بڕوای ئاڵتۆسێر ئایدیۆلۆژیا نائاگاییە، ئەو بۆچوونەی ئاڵتۆسێر بەلای لاکاندا دەچێ، بەو مانایەش ئایدیۆلۆژیا دەرخەرەوەی پەیوەندی خەیاڵی سوبێکتەکانە.

کەواتە چیرۆکی سیستەمێکی دەسەڵاتخواز و تۆتالیستی وابەستەی پەیوەندی نائاگامەندی و پشتگیری نائاگامەندیی گشتی دەکات... دەمەوێ بڵێم دەسەڵات شتێک لە عەوام دەشارێتەوە، عەوامیش شتێک بە دەسەڵاتی جێگیرەوە دەبەستێتەوە، ئەوەی دەسەڵات دەیشارێتەوە حەقیقەتە، ئەوەی عەوام لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی جێگیر پەنای دەدا خەونی خۆشبەختییە، دەسەڵات بە بیرکردنەوە لە فریودان و عەوام بە بیرکردنەوە لە خۆشبەختی دەگەنە گەوجێتیی واقیعخواز، کە نە ڕەتکردنەوەی ستەمکاری بوونی هەبێت، نە پلەکانی بڕوا بەخۆبوون... ئەگەر نا ئەو سیستەمانە زۆر بە خێرایی لەناودەچن.

وەک گوتمان پەیوەندیی دەسەڵاتی تۆتالیستی بە عەوامەوە لە ڕێگای وروژاندنی نائاگامەندییەوەیە! بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی خەڵکی بە ئاگامەندییەوە پشتگیری ئەو جۆرە سیستەمانە دەکەن؟ لێرەدا (دوو باوک) دوو لایەنی باوک، دێتە ناو بابەتەکەوە: باوکی یەکەم، باوکی گرێی ئۆدیب کە خۆی لە پەیوەندیی دوولایەنەی زارۆک/ دایک هەڵدەقورتێنێ و ئەو پەیوەندییە لێکهەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو باوکەی کە یاساکان دەگوازێتەوە- دیماگۆجیەت بە خۆشبەختی ناوزەد دەکات- (یاسای قەدەغەکردنی سێکس لەگەڵ مەحرەم) ئارەزووی زارۆک بۆ دایک بەسەرپێچیکردن لە یاسا دەزانێت. باوکی دووەم، باوکێکە خۆی ناخاتە سنووری هیچ یاسایەکەوە، نموونەی هێزی ڕەهایە، باوکێکە کە بە دەرکردنی کوڕەکان و نەیارەکانی دەست بەسەر هەموو ژنان و میراتی خێڵەکەیدا دەگرێت، باوکێکە هیچ کات پابەندی یاسا نییە. هەردوو جۆری باوکەکان لە ڕوانگەی دەروونشیکاری لە چوارچێوەی منی باڵادا کار دەکەن.

هێز لەدەست ئەودایە، بێگومان فریودانیش هێزی دەوێ، کەواتە دەسەڵاتخوازی هێزی خۆی لە شتێک بەدەستدێنێ کە بۆ خۆیشی هەوڵی لەناوبردنی دەدات، دەسەڵاتی باوکایەتی وەک چۆن هێزی لەدەستدایە، بە ڕووەکەی دیکەشدا هێزی لەدەست دەردەچێ! دەسەڵاتی باوکایەتی چەندە دەسەڵاتخواز بێت، مەترسی هەڕەشەی دژ بە ئەو زێتر دەبێت، کەواتە دەسەڵاتخوازی بریتییە لە پێکهاتەی فانتازیی تایبەت، کە ڕێگا بۆ بابەتی دژ بەیەکبوونەوەی خۆش دەکات!

(٤)

هاملێت تراژیدیای ئارەزووە، تراژیدیای پیاوێکە کە ڕێگای ئارەزووی ونکردووە... بە بۆچوونی لاکان، هاملێت توانای پرسەگێڕانی نییە، چونکە دایکی لە ناکاو هەڤژینی لەگەڵ مامیدا پێکدەهێنێت. بەو مانایەش دایک ← object ئەو شتەی کە منداڵ ئارەزووی دەکات) یان بابەتە لە دەستچووەکەی بە بابەتێکی دیکە گۆڕیوەتەوە، پێش ئەوەی هاملێت بتوانێت ئارەزووی خۆی ڕابگرێت و سەرنجی کەسی دیکە بدات.

هاملێت لەبەر ئەوە ناتوانێ پرسە دابنێت، چونکە دەبێتە هۆکاری جوڵاندنی ئارەزووی دایک. فرۆید دەڵێت لەو حاڵەتەدا پرسەگێڕان دەگۆڕێت بۆ مالینکۆلیا (melancholia) یان ڕەشبینی... فرۆید جیاوازیی گرنگ لە نێوان پرسەگێڕان و ڕەشبینی دادەنێت، پرسەگێڕان شتێکی هیچ و بەتاڵە، بەڵام لە مالینکۆلیادا (من- Ego) ئەو دۆخە بەتاڵەی هەیە.

(٥)

بە هاتنەناوەوەی ناوی باوک زارۆک لە جیهانە زارۆکییە بەرفراوانەکەی فڕێدەدرێتە ناو جیهانی سیمبولی، گرێی ئۆدیبیش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو تێپەڕینەی زارۆک کە لە ئاستی خەیاڵییەوە دەچێتە ناو ئاستی سیمبولی- ل٧٦.

ئەو ڕستانەی وەرگێڕی کوردی (غەریبە حوسێن) لە کتێبی (ژاک لاکان، نووسینی شۆن هۆمەر، دەزگای ڕۆسا، لە ٢٠١٧ چاپی کردووە) بەشێک لە هەستی متمانەیی بە خوێنەر دەبەخشێت و بەڵگەی حاڵیبوون دەجوڵێنێ، بەڵام دەشێ ئەو تێگەیشتنە لە سەرچاوەکەی جیابکەینەوە، یان کۆی کتێبە بە نرخەکەی لاکانناس (شۆن هۆمەر) بەو بەڵگە ساکارانەوە پەیوەست نەکەین، چونکە بۆ گەڕانەوەی سەرچاوەی حاڵیبوون خوێنەر پێویستی بە خوێندنەوەی کۆی کتێبەکەیە، دواجار ئەو تێگەیشتنە بۆ خوێنەر و ئاستی خوێندنەوە و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر و پانتایی کەمخوێنی ڕۆشنبیریی کوردی دەگەڕێتەوە، (وەک هەندرێن لە پێشەکی ئەو کتێبە قسەی لەو هەژارییە کردووە)، بەڵام ئەوەی منی خوێنەر لەو چەند دێڕەدا ئاماژەی بۆ دەکەم، هەر تەنیا دەستخۆشیکردن لە وەرگێڕی کوردی نییە، بەڵکو لەلایەکی دیکەش فرە بەکارهێنانی چەمکی (سۆبژە و ئۆبژە- بەکارهێنانی وشەی حەز لە بری ڕەغبەی عەرەبی کە لە زمانی کوردیدا بە زۆری وشەی ئارەزووی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی زاراوەی – کمون- وەک چۆن لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە، بەکارهێنانی دەستەواژەی هێدمەی دەروونی کە لە کوردیدا زەبری دەروونی بۆ بەکارهاتووە، پەرتووک لەبری کتێب... و هتد) هەموو ئەو زاراوە و چەمکانە ئەگەرچی بەدحاڵیبوون ناسەپێنێ، بەڵام هێنانەوەی هۆکارێکی شیاوی دەوێت، وەک چۆن ئاگایی و چاوپێداخشانەوەیشی پێویستە.

---

## سوزان لانگەر و واتای سایکۆلۆژیی هونەر

# "هونەر جیاوازە لە لۆژیک، بەڵام لۆژیکی تایبەتی هەیە"



لای سوزان لانگەر Susanne Langer (١٨٩٥ - ١٩٨٥) هونەر هێمایە و کاری هونەری وێنەیەکی سیمبۆلییە. بەپێی ئەم بنەمایە، بەتەواوەتی ڕەتیدەکاتەوە؛ هونەر گوزارشت بێ لە ناخی هونەرمەند. بەڵکو وای دەبینێ؛ هونەر گوزارشتە لە ویژدانی ئادەمیزاد، نەک ویژدانی تایبەتی هونەرمەند. لانگەر ڕەتیدەکاتەوە؛ هونەر لاساییکردنەوە بێت. ڕەتیشیدەکاتەوە هەڵچوون بێت. ئەو دەڵێ "ئەگەر هونەر گوزارشتە، ئەو دەربڕینە واتایەکی دەروونناسی هەڵناگرێ، بەڵکو واتای لۆژیکی لەخۆدەگرێت". مەبەستی لەم گوتەیە ئەوەیە کە هونەر گوزارشت نییە لە دەروون، ئەوەندەی هێمایە بۆ ئەوەی هەستی پێدەکرێت.

بۆ میناک؛ لانگەر هونەری سەمای وەها ناساندووە کە نمایشێک نییە سەماکارەکان هەستیان پێ کردبێت، گوزارشتە لە بابەتگەلی مەعریفیی نێو زۆر لە ویژدانەکان. بۆیە دەبێژێت: "کاتێک دەڵێم کاری هونەری دەربڕینە، مەبەستم چ جۆرە دەربڕینێکە؟ وشەی گوزارشت Expression دوو واتای هەیە، یەکەمیان گوزارشت لە دەروون، دووەمیان نوێنەرایەتیکردنی بیرۆکە. مەبەست لەو کاریگەرییەیە کە بەهۆیەوە بیرۆکەکە پێکدێت، ئەویش سیمبۆلە".

ئەو دەربڕینەی نوێنەری بیرۆکەیە، لەڕێی هونەرەوەیە. ئەو دەربڕینە بەهۆی ئەو وێنە گوزارشت لێکراوەوەیە کە لە هونەردا دەیبینینەوە و لە دەربڕینی لۆژیکی دەچێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو دەربڕینە وێنەکەی لە کۆتەڵێک ڕەگەزی تێکهەڵکێش لە پێوەندی پێکدێت. ئەو ڕەگەزانە لۆژیک دەردەبڕن، وەک وێنەی لۆژیکی دەربڕی کۆمەڵێک پێوەندیی نێوان ڕەگەزە جیاجیاکانە و وێنەی لێ چێدەبێت. لانگەر لەنێوان وێنەی هونەری و وێنەی لۆژیکیدا، لێکچوون لە پێوەندی دەدۆزێتەوە. بە گوێرەی ئەو بنەمایە دەربڕین دەربڕینێکی لۆژیکییە لە ڕووی شێوە و پێوەندی و پێوەستبوونەوە، نەک دەربڕینێکی سایکۆلۆژی. کەوایە ئەو کات نمایشێک دەبێ کە هونەرمەند پەیی پێ بردووە. ئاخر هونەر جیاوازە لە لۆژیک، بۆیە وێنەی هونەریش لۆژیکی تایبەتی هەیە.



■ سەنگەر قوباد

لە ڕوویەکی دیکەوە، دەربڕینی دەروون تەنیا کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە کەتوار reality، یان ڕووداو و هەڵوێستێکی ئامادە. بەوەی ئەو دەربڕینە گوزارشتە لە شارەزاییەکی کردەیی practical. هەرچی دەربڕینی سیمبۆلیی هونەرە، لە زانینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەودیوی بواری تایبەت بە شارەزایی کەتواری. جۆری ئەم دەربڕینە جیاوازە لە دەربڕینی دەروون و بە دەربڕینی وێنەیی دەناسرێت. بەو پێیە دەربڕینی لۆژیکی دەربڕینی وێنەیی یان وێنەی لۆژیکی هەستییە کە کۆمەڵێک جۆری هەستەوەری هەن بەرامبەرەکەیان دەرکپێکردن و هونەرە، وێنەیەکی دەربڕدراوە لەلایەنی دەرکی خودیی مرۆڤەوە، دەربڕینی ئەمەیش لە توانای زمانی لۆژیکدا نییە.

بە تێگەیشتنی لانگەر، هونەر وێنەی هەڵچوونە، جیاوازییش لە نێوان هەڵچوون و وێنەی هەڵچووندا هەیە، بەوەی هونەرمەند لە کارەکەیدا هەڵچوونەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو وێنەی هەڵچوونەکانی دەردەخات. لە هونەردا هەڵچوون شێوەیەک وەردەگرێ کە دەکرێ لێی تێبگەین. وێنەی هەڵچوون گلێربوونەوەیەکی هێمنی ناوەوەیە، چونکە هونەرمەند ناتوانێ خوڵقێنەربێ، ئەگەر هەڵچوونەکانی بە هێمنی کۆنەبنەوە. سوزان لانگەر دووپاتی کردووەتەوە؛ ئەوەی هونەرمەند دەریدەبڕێ ویژدانی بەشەرییە، نەک ویژدانی تایبەتی هونەرمەند. ئەو دەربڕینەیش هەڵچوونێکی داماڵراو نییە، بەڵکو وێنەی ئەو هەڵچوونەیە، یاخود گواستنەوەی هەڵچوونەکەیە لە دونیای خودی (subjective) یەوە بۆ دونیای بابەتی (objective).



## نووسەر و ڕۆماننووس یوسف عزەدین:

# هاوڕێیەتی دەبێت وەک ئەوەی شەمسی تەبرێزی و مەولانای ڕۆمی بێت

**یوسف عزەدین یەکێکە لە دەنگە جیاوازەکانی ناو دنیای ئەدەب و فیکر لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا. خاوەنی چەند ڕۆمانێکە و خاوەنی تایبەتمەندیی خۆشیەتی لە نووسیندا. ئەم دیدارە گفتوگۆیەکی تایبەتە لەبارەی ئەدبیاتی عیرفان و ئەو بەرهەمانەی لەو چوارچێوەیەدا نووسراون.**

سازدانی: وریا باقر

**ئەدەب و کولتوور: سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردی هەر لە سەردەمی باباتاهیری هەمەدانی- یەوە، ئەدەبیاتێکی عیرفانی بووە.. درێژەی ئەم تەوژمە تا ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی و هەندێک لە شاعیرانی تر بەردەوام دەبێت.. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا، پاشەکشەی بەم تەوژمە ئەدەبییە عیرفانییە سۆفیگەرییە کرد و چەند تەوژمێکی تری دروشمئامێزی تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاتنە پێشەوە.. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەدەبیات و هونەری جیهانیش، بەتایبەتی ئەوروپایی کەوتە ژێر کاریگەری هەمان تەوژمی ئایدیۆلۆژییەوە؟**

**یوسف عزەدین:** باشترین نموونە ئەزموونە شانۆییەکانی پیتەر برۆک-ی بەریتانی، بە ڕەچەڵەک لیتوانی- یە، پێش چەند ساڵێک، دوای بەشداریکردنی لە فێستیڤاڵی "ئەفینیون" لە فەڕەنسا، کاتێک پرسیاری لێدەکەن، دەرحەق بەو فیلمەی لە دەرهێنانی "سیمۆن برۆک"ی کوڕیەتی بەناونیشانی "برۆک بەسەر گوریسێکی شەتەکدراودا تێدە پەڕێت" و حەقیقەتی فیلمەکەش زێدەتر پەیوەستە بە وێنەگرتنی پشت کەوالیس و نهێنییەکانی "پیتەر برۆک"ەوە لەکاتی پرۆڤەکردن و نمایشکردنی شانۆییەکانیدا، برۆک دەڵێت: " ئەوەی دەیبینن گەشتی باڵندەکانی شاعیر و سۆفی فەریدەددینی عەتتارە، کاتێک دەیانەوێت بەرەو لای (سیمرغ) بچن، دەبێت بەسەر حەوت دۆڵ و شیودا بفڕن، تا دەگەنە دواهەمین دۆڵ، ئەویش دۆڵی تواندنەوەیە لە زاتی ئیلاهیدا، بۆیە توانیومانە خەیاڵ و ئەندێشەی تەماشاچییان ببزوێنین، کەوا بزانن ئەکتەران بەسەر گوریسێکی هەڵواسراودا دەڕۆن، هەموو ئەوەی کە دەشبینرێت، تەنها پەڕینەوەی دۆڵی یەکەمە، بەڵام ئامانج گەیشتنە دۆڵی حەوتەمە، دۆڵی سەرسامبوونی پەتی".

**ئەدەب و کولتوور: چۆن دەبێت ئەو زانیارییە عیرفانییانەی لای خۆمان کوێر بوونەتەوە و کەمن ئەو کەسانەی شارەزاییان تێیدا هەیە، کەچی پیتەر بروکێکی ئینگلیز، بەزمان و کولتووری جیاوە گەیشتبێتە ئەو قووڵاییە مەعریفییەی کە لە شاعیرێکی وەک "عەتتار" و دنیا تەسەوفییەکەی تێگەیشتبێت؟**

**یوسف عزەدین:** وەک لای عەتتار و لە "لۆژیکی باڵندە"کەیدا ئاماژە و کاری بیناکردنی چامە شیعرییەکەی لەسەر کراوە و هەروەها کرۆکی کارکردنی ئەهل و سالیکانی تەسەوفە، خۆی ئەو پلەومەقامانە، یان ئەو دۆڵانای کە سالیک و ئەهلی تەسەوف دەیانبڕن، حەوتە، یەکەم دۆڵی داواکارییە "تەڵەب"، سالیک لەم قۆناغەدا دەست لە چێژ و لەزەتەکانی دنیا دەشوات و لێی دووردەکەوێتەوە. دووەم دۆڵ، دۆڵی عیشقە، سالیک بەئاگری عیشقی ئیلاهی دەسووتێت، تا خۆی لەبیردەچێتەوە. سێیەم، دۆڵی مەعریفەیە، سالیک خودای بەچەشنێک تێدا دەناسێت، هەروەک ئەوەی ببینێت. چوارەم دۆڵی دەستبەرداربوونە، کە سالیک تێیدا دەستبەرداری هەموو کەس و شتێک دەبێت، بێجگە لەخودا. پێنجەم دۆڵی یەکتاپەرستییە، سالیک بەجۆرێک خودای لا تەجەللی دەبێت، بە چەشنێک تۆزقاڵە گەردێک لەشەریک بۆ خودا دروستکردن لەدڵیدا نامێنێت. شەشەم، دۆڵی سەرلێشێواوی و پەرتەوازەبوونە "حیرە"یە، سالیک لەم قۆناغەدا خۆی بەخۆی نامۆ دەبێت و بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێت دەستی بگرێت و بۆ لای مەحبوبی بەرێت. حەوتەمیش، دۆڵی هەژاربوون و فەنایە، لێرەدا سالیک تەنها پێویستی بەخوداو فەنابوونی تەواوە لەخودادا.

**ئەدەب و کولتوور: پێمان باشە بەشێوەیەکی گشتی لۆژیکی باڵندەی شاعیر و عاریف "فەریدەددینی عەتتار"-مان پێ بناسێنی؟**

**یوسف عزەدین:** "لۆژیکی باڵندە" بریتییە لە چوار هەزار و پێنج سەد بەیتی شیعری.. بابەتەکەی بریتییە لەگەڕانی کۆمەڵێک باڵندە بەشوێن باڵندەیەکی نەبینراودا. لە وەرگێڕانە بیانییەکانی تێکستەکەدا "لۆژیکی باڵندە" کراوەتە "کۆنفرانسی باڵندەکان" و خۆی لەڕاستیدا بە کۆبوونەوەی باڵندەکان دەستپێدەکات، بەمەبەستی فڕین و گەیشتنە لای جوانترین و ناوازەترین و کامڵترین و مەزنترین باڵندەیەک، کە سوڵتانی موتڵەقە و ناوی "سیمرغە".. ئیدی پاش بگرەو بەردەیەکی زۆر، تەنها کۆمەڵێک دەمێنێتەوە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی سەخت و پڕ مەشەقەتی سەفەرێکی تووڵانی.. ژمارەیەکی زۆریشیان هەر لەڕێگەدا دەمرن.. ئەوەی دەمێنێتەوە و دەگاتە حزووری زاتی باڵندە بێ هاوتا و مەزنەکە، تەنها "سی" باڵندەن و لەهەمان کاتیشدا "سیمرغ" بە واتای "سی- مرغ" دێت، کە دەکاتە "سی" باڵندە. ئەو ڕەمزییەت و دەلالاتەی لە "لۆژیکی باڵندە"ی عەتتار- دا هەیە جودایە لە هەردوو "باڵندە نامە"ی "ئیبن سینا" و "غەزالی"، هەرچەندە ئەوەی غەزالی گومان هەیە بۆ خۆی نووسیبێتی، زیاتر پێدەچێت درابێتە پاڵی، وەک درانە پاڵی زۆربەی ئەو چوارینانەی بەناوی خەیام-ەوە بڵاوکراونەتەوە و پێدەچێت لەو سەردەمانەدا بەمەبەست و لەپێناوی ونکردنی دانەری حەقیقی و پاراستنی لە کوشتن و سزادان، یان لە نەزانی و بەهەڵە زۆر تێکستی کەسانی تر دراونەتە پاڵ کەسانێک کە خاوەنی نین و نەیاننووسیوە.. وەک چۆن لەبەر گرتنەوە و نووسینەوەی بەردەوامی تێکستەکانیش لەلایەن نەساخەکانەوە، ئەویش بۆ خۆی و وەک خۆی هەر جارە زیاد و کەمێکی خستووەتە سەر تێکستی نووسراو و لەهەمان کاتیشدا دەشێت هەندێک تێسکت یەکەمین دەستنووسیان مابێت و بەو شێوەیەش لەشێواندن و گۆڕان قورتاریان بووبێت.

لای "ئیبن سینا"، کۆمەڵێک باڵندەی دیلکراو لە قەفەس هەڵدێن و پاش بڕینی هەشت قۆناغی سەخت دەگەنە کۆشکی شای مەزن و پاشای پاشاکان و پاش لابردنی حیجاب لەنێوانیاندا، شەکوای حاڵی خۆیانیان لەیاد دەچێتەوەو لە مەستبوونێکی هەمیشەیدا دەمێننەوە، ئیدی ئەوان گەیشتوونەتە ئەو جێگەیەی کە بەدەرە لە هەموو کەموکورتی و ناکامڵییەک.

لای غەزالی-یش کۆمەڵێک باڵندە بەمەبەستی دیاریکردنی پاشایەک بۆ خۆیان، ڕێگەی سەفەرێکی تاقەتپڕووکێن و زەحمەت دەگرنەبەر، دوای بەهیلاکچوون و مردنی ژمارەیەکیان، ئەوانەی دەمێننەوە دەگەنە دوورگەی پاشاو کاتێک لێیان دەپرسن بۆ هاتوون، لە وەڵامدا دەڵێن هاتووین، تا "عەنقا" بکەینە پاشامان.. لە وەڵامدا پێیان دەڵێن، خۆتان ماندوو کردووە، بتانەوێت و نەتانەوێت، ئێمە پاشاتانین و هیچ پێویستییەکمان بەئێوە نییە.. وەختێک باڵندەکان تووشی یەئس و سەرلێشێواوی و پەرتەوازەیی دەبن، پێیان دەڵێن هەیهات.. هەیهات.. نەکەن مەیئووس بن لە ڕەحمەتمان، تەنها کەسە دۆڕاوەکان مەیئووس دەبن لە ڕۆحی خودا.. هەر بۆیە لەلایەن زاتی عولیاوە قبووڵ دەکرێن. بەڵام لای عەتتار، بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەتەکدا کراوەو لەکۆتایی تێکستی "لۆژیکی باڵندە"دا سی باڵندەکە " سی مرغ"ەکە فەنا دەبن لە زاتی"سیمرغ- سی مرغ"دا.. یان بابڵێین خۆیان سی باڵندەن و کە دەشڕواننە سیمرغ هەر سی باڵندە دەبیننەوە کە خۆیانن، هەر وەک ئەوەی بڕواننە ئاوێنە، خۆیان خۆیانن بێ زیاد و کەم!

**ئەدەب و کولتوور: ئاشکرایە عەتتار تێکستی تری هەبوون، بەڵام دیارە مەبەستی بووە، تایبەتمەندییەکی جیا بە "لۆژیکی باڵندە" ببەخشێت، ئاخۆ خۆی هیچ ئاماژەیەکی بەمە داوە؟**

**یوسف عزەدین:** عەتتار لەکۆتایی " لۆژیکی باڵندە"دا بۆ خۆی دەفەرموێت: "ئەهلی وێنە نغرۆی زەریای ئاخافتنەکانم بوون، ئەهلی ماناش پیاوانی نهێنییەکانی منن، ئەم هەڵبەستانەم خاسییەتێکی سەیریان هەیە، لەهەر ئان و ساتێکی جیادا مانای نوێ و جودا دەبەخشن.. ئەگەر بۆت سازا، زۆر بیخوێنیتەوە، ئەوە بێگومان لەگەڵ هەر جارێکدا جوانتر دەبێت.. تا ڕۆژی قیامەتیش کەسێکی دیکە نابینیتەوە، بتوانێ وەک منی عاشق بنووسێت".

چەند جوانە لە سەردەمانێکی خوێناوی و شەڕانگێز و دزێودا، لە سەردەمانێکدا کە نووسینەوە و لەبەرگرتنەوەی کتێب و بەدەستهێنانی کەرەستەکانی ئاسان نەبووە، کەچی ئەم و ئەوانەی وەک ئەم بوون، هەوڵی مانەوەی هەتا هەتایی تێکستەکانیان داوە، بۆیە ئاماژە بە ڕۆژی قیامەت دەکات، کە ئیتر تا ئەودەم کەسێکی تری وەک ئەم عاشق دووبارە نابێتەوە، بەو هەموو قووڵی و عیشقەوە بنووسێت.

**ئەدەب و کولتوور: چۆن دەڕواننە چەمکی هاوڕێیەتی حەقیقی و بەتایبەتیش هاوڕێیەتی عاریفان و متەسەوفان؟**


**یوسف عزەدین:** "مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی" تەسەورێکی جوان و ناوازە و دانسقەی هەیە کە دەفەرموێت: "هاوڕێی هەمووان بە، بەڵام وەک ئەوانەی بت دروست دەکەن، لەبەرد هاوڕێیەک بۆ خۆت دروست بکە". واتە تەنها لەڕوو و بەناچاری هاوڕێی هەمووان بە و خەڵکی بناسە، ئەگەرنا بەڕاستی و بەدڵ، ڕاز و نهێنییەکانت، تەنها لای هاوڕێ لەبەرد دروستکراوەکەت بدرکێنە و تەنها هاوڕێی ئەو بە، ئەوێک کە لە هیچ و ئان و ساتێکدا ناتوانێت ئیرەییت پێ بەرێت، ناتوانێت ببێتە ناحەز و دوژمنت ، ناتوانێت زیانت پێ بگەیەنێت، ناتوانێت هەموو شتێکت لێوە فێر بێت و پاشانیش خیانەتت لێبکات، ناتوانێت چەندین چیرۆکی ناڕاست و درۆت لەبارەوە دروست بکات.. ئەو هاوڕێ لەبەرد دروستکراوەت، نە دەبێتە تۆ و نە دەبێتە وێنەیەکی ناحەزو دوژمن، ئەو هەر ئەوە، هاوڕێ ڕاستەقینە لەبەرد دروستکراوەکەتە!

**ئەدەب و کولتوور: ئێوە پێتان ڕاستە مرۆڤ هێندە گۆشەگیر و دوورە پەرێز بێت، تەنها هاوڕێیەکی کە جێی متمانە و باوەڕی بێت، لەبەرد دایتاشیبێت؟**

**یوسف عزەدین:** هاوڕێیەتی یان دەبێت وەک ئەوەی "شەمسی تەبرێزی"و "مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی" بێت، یان نەبێت چاکترە! ئەو هاوڕێیەتیەی کە ناحەزان نەیانهێشت بەردەوام بێت، ئیتر وەک دەگێڕنەوە، لە شەوێکدا پاش دەرکە لێدانی جێگەی مانەوەی لە شاری کۆنیا، شەمسی تەبرێزی دەچێتە دەر و بۆ هەتا هەتایە کەس نایبینێتەوە.. یان وەک دەڵێن گەڕاوەتەوە بۆ شاری (خوی) و لەوێ مردووە یان کوژراوە، ئەو گۆڕەشی کە لەوێ بە گۆڕی ئەو دراوەتە قەڵەم، لەلایەن یونیسکۆ- وە کراوەتە شوێنەوارێکی جیهانیی پارێزراو.

ڕاستیی پێکگەیشتن و ناسینی ئەم دوو زاتە بۆ یەکتری و زۆر وردەکاریی کارکردن و کارکردنە سەر یەکتریان لوغزە، بەڵام ئەوەی دەگێڕدرێتەوە گوایە شەمسی تەبرێزی سەرەتا بەبێ ئەوەی خۆی بناسێنێت، دەچێتە وەعزەکانی "مەولانا" و پاش ئەوەی وەک دەڵێن لە یەکەمجاری بینینیدا زانیویەتی هێشتاکە مەولانا ماویەتی بۆ ئیستیعابکردنی ئەو مەعریفە عیرفانییانەی لای ئەو هەبووە، شەمس گەڕاوەتەوە و پاش چەند ساڵێکی دیکە وەک بازرگان خۆی بە شاری "کۆنیا"دا کردووەتەوە و ئەمجارەیان کە پێگەیشتن و ئامادەگی ڕۆحییانەی "مەولانا"ی بینیوە بۆ وەرگرتنی گەلێک لەو مەعریفە و تەوەجووهە غەیبیانەی کە پەیی پێ بردووە، دیارە خۆی پێ دەناسێنێ و بەمەش گەورەترین ئاڵوگۆڕ لە بونیادی فیکری و مەعریفی و ئایینی مەولانا- دا ڕوودەدات، مەولانا- یەکی مورشید و واعیز و ئیمام، دەبێتە سەماچی و عاشقێکی سەرمەستی ئیلاهی، لە کۆڕی وەعز و ئیرشادو تێکەڵبوونی خەڵکەوە، دەکشێتەوە بۆ نێو تەنهایی و بێدەنگی و خەڵوەت و کەمدوویی، ئیدی هەر ئەمەشە بە خەڵکی شارەکەی و هەموو برادەران و کەسانی نزیک لە مەولانا قبووڵ ناکرێت، مەولانا- یەک کە پێشتر هی ئەوان بووە و بۆ ئەوان بووە، ئێستا وێڵ و سەرگەردان عەوداڵی سەوداو سەماع و سەما و نغرۆی دنیابینییەکانی "شەمسی تەبرێزی"یە. جاری یەکەم پاش ئەوەی خەڵک "شەمس" شاربەدەر دەکەن، مەولانا دەنێرێت و دەیهێننەوە، بەڵام جاری دووەم، پاش ئەو دەرکە لێدانە و دەرچوونی شەمس- بۆ ئەوەی بزانێت کێیە، ئیتر شەمس نامێنێت.. لە هەمووشی سەیرتر و کاریگەرتر، ئەو چل ڕۆژە زۆر سەیر و عیرفانییەی ئەو دووانەیە، کە پاش ڕۆژوو گرتنێکی چل ڕۆژە و ئیعتیکافکردنیان چل ڕێسا- کەی عیشق دەنووسنەوە، ئەو چل ڕێسایەی کە لەودەمەوە تا ئێستا بووەتە مایەی سەرسامی، وەک نوێنەری سەرجەم بنیادەمانی سەر ڕووی زەمین، دێن و چل ڕێسای بنەڕەتی پڕ مەحەببەتی عیرفانی، وەک مانیفێستۆ- یەک بۆ مانەوە و پێکەوە ژیانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دادەڕێژن و جێگەی سەرنجیشە هەر ڕێسایەکیان لەوەی تریان کاریگەرتر و قووڵترە، لە کۆتایی ئەم دیالۆگەشماندا، پێم باشە وەک نموونەیەک ئاماژە بە ڕێسای "سی و نۆ" بکەم: (هەرچەند بەشەکان دەگۆڕێن، بەڵام گشت وەک خۆی دەمێنێتەوە، چونکە کاتێک دزێک ئەم دنیایە جێدەهێڵێت، دزێکی دیکە لەدایک دەبێت، کاتێک کەسێکی ڕەوشتبەرز دنیا جێدەهێڵێت، ڕەوشتبەرزێکی تر جێگەی دەگرێتەوە.. بەم شێوەیە هیچ شتێک نییە نەگۆڕدرێت، لەکاتێکدا لەڕاستیدا هیچ شتێک ناگۆڕێت.. چونکە بەرانبەر هەر سۆفییەک کە دەمرێت، سۆفییەک لە شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایەدا لەدایک دەبێت.. ئایینی ئێمە ئایینی عیشقە و سەرجەمی مرۆڤەکان بەزنجیرە دڵێک پێکەوە ئاڵقاون، ئەگەر ئەڵقەیەکی لێ بترازێت، ئەڵقەیەکی تر جێگەی دەگرێتەوە، ناوەکان دەگۆڕدرێن، دێن و دەڕۆن، بەڵام جەوهەر هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە).

**تێبینی:**
**ئەمەی بڵاوکراوەتەوە، کورتکراوەی هەڤپەیڤینێکی درێژە لەگەڵ یوسف عزەدین و، لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی دیکەدا پرۆژەی کتێبێکی داهاتوومانە.**



# شوناس و سینەمای نەتەوەیی

مەبەستی ئێمە لە دەستەواژەی "سیاسەتی سینەمای نەتەوەیی" بەو مانایە نییە کە لە دروستکردن و دەرهێنانی فیلمدا سیاسەتێکی لەم شێوەیە لەئارادایە یاخود هەیە و وەک مێتۆد یان شێوازێکی تایبەت لە بواری دەرهێنانداا دەکرێت فیلمی پێ درووست بکرێت و کەڵکی لێ وەربگیرێت. مەبەستی ئێمە جۆرێکە لە ئامادەیی فیلم و دەرهێنان لە چوارچێوەی دەوڵەت و نەتەوەدا. واتە، ئەو چوارچێوەیەی کە فیلم لە پانتاییدا هەوڵ دەدات کێشە ناوخۆیی و مێژووییەکانی لە ئاوێنەی کامێراوە بنوێنێتەوە و دەلاقەیەک بێت بۆ نواندنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژووییەکانی چوارچێوە یان کیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو پانتاییە جوگرافییەی سووژە/ کامێرا تێیدا کاردەکات و هەوڵی ئەوە دەدات بەشی هەرە زۆری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بگوازێتەوە و لە کردنی ئەم کێشە هەمەجۆرانە بە فیلم هەوڵ دەدات چی سەرکوت دەکرێت، چی وەلا دەنرێت و کۆی ئەو بابەتانەی لەبەردەم پەلاماردەران، لەناوچوون، سەر هەڵدەدەنەوە و سەرلەنوێ لە چوارچێوەی فیلمدا بخاتە بەر دیدی بینەرانی ناو چوارچێوەی دەوڵەت و نەتەوە. بەجۆرێک لەجۆرەکان، سیاسەتی سینەمای نەتەوەیی دەشێت بەرهەمهێنانەوەی سەرلەبەری کێشە و گرفتە چارەسەرنەکراوەکان و نواندنەوەی پارادۆکسە مێژووییە چارەسەرنەکراوەکان و پرسە گرنگە نەتەوەییەکان بێت و دەرخستنی سەرجەمی کەڵکەڵەکانی ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو، واتە دەوڵەت و نەتەوە بێت. هەڵبەت لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوە نییە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە کار و ئەرکی نەگۆڕی سینەمای نەتەوەیی هیچ نییە جگە لە نواندنەوەی کێشە ناوخۆیی و مێژووییەکانی دەوڵەت و نەتەوەیەکی دیاریکراو. یان بە بەرێکی دیکەدا، سینەمای نەتەوەیی هیچ کارێکی نییە جگە لەوەی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ سەرجەمی کێشە چارەسەرنەکراوەکان بنوێنێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناو جوگرافیای دەوڵەت/ نەتەوە ببینن و لەڕووی فیکری، فەلسەفی، کولتووری، دەروونی و تەنانەت نیشتمانییەوە کاریان تێبکات و لە ڕێگەی ئەم کارتێکەرییەوە هەوڵ بدات بیری سەرجەمی کێشەکانیان بکەونەوە کە ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییاندا ئەوەندەیان سەرنج پێنەدابێت یان بۆیان نەبووبێتە کەڵکەڵە و پرسێکی فیکری.

ڕەنگە کەسێک بە نیسبەت ئەم باسەوە پرسیاری ئەوە بکات کە ئایا ئەو فیلمانەی دەچنە خانەی فیلمی نەتەوەییەوە کامیان فیلمی باشن و لەڕووی مێژوویی و ئۆمانیستییەوە بێ کێشەن؟ ئایا ئەو فیلمانەی کە باسی کێشەکانی نەتەوە و کردنی ئەم کێشانە بە فیلم و گواستنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا دەکەن، سەرلەبەریان شایانی ئەوەن ببینرێن و بە تامەزرۆیی و چێژەوە سەیر بکرێن؟ ئایا ئەو فیلمە نەتەوەییانەی کە بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی هیتلەر و نازیسمدا لە ئەڵمانیا بەرهەم دەهاتن، پاکیان فیلمی باش و بۆ ئەوە دەبن بیانبینین؟ ئایا ئەو فیلمە نەتەوەییانەی کە باسی گەورەیی و شکۆمەندیی وڵاتی تورکیا دەکەن، دەشێت فیلمی باش بن؟ ڕەنگە ئەگەر بمانەوێت لەم جۆرە پرسیارانە لانیکەم لە خۆمان بکەینەوە، دەکرێت بە دیوێکی دیکەدا بپرسین: سینەمای نەتەوەیی دەستێکی کاراشی لە ڕێکخستنەوەی شوناسی نەتەوەیی، کولتووری، مێژووییدا هەیە و دەیان و سەدان فیلمیش لەئارادان کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر بەخۆداچوونەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی کولتوور، مێژوو و شوناسی گشتی و دەستەجەمعی نەتەوەیی و نەتەوەکەیەوە.

بەم پێیە، بۆنموونە دەتوانین لێرەوە بچینە سەر قسەکردن و دوان لەبارەی پەیوەندی گشتیی نێوان شوناسی نەتەوەیی لە پانتایی فیلم و سینەمای نەتەوەییدا. بۆ ڕوونکردنەوە و دوان لەسەر شوناسی نەتەوەیی کە سینەمای نەتەوەیی هەوڵ دەدات بیبووژێنێتەوە و پتەوی بکات، زۆر جار زۆربەی توێژەرانی فیلم سەرنجیان بەرەو لای چەمکی دەوڵەت وەک کۆمەڵگای خەیاڵیی بێندێکت ئاندێرسۆن ڕادەکێشرێت. ئاندێرسۆن پێیوایە نەتەوە کۆمەڵگایەکی خەیاڵییە کە هەستی شوناس و گرێدراوی و پابەندی دەبەخشێتە تاک بە تاکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە. وەها شوناسێک، وەک ئاندێرسۆن دەڵێت لەڕێگەی بەرخۆریکردنی بەرهەمەکانی کولتووری چاپی مۆدێرن، بۆ نموونە ڕۆژنامە و ڕۆمان، دەستەبەر دەبێت و مسۆگەرە. کاتێک یاخود ئەو کاتەی کە مێژووی نەتەوەیی لە ڕۆژنامەکان، ئەدەبیات و میدیاکاندا لە ناوکۆیی وێنە و نمای کەش و شوێن و جێگەکاندا دەبینێتەوە، بینەرەکە لە مانا، چەمک و واتای کۆمەڵگا و لەگەڵ سنوورە نەتەوەییەکەی و مانا و چەمکێک لە چارەنووس و مێژووی هاوبەشی خۆی تێدەگات و لەپێش چاوی خۆیدا دیاری دەکرێت. ئەگەرچی تیۆرەکەی ئاندێرسۆن فیلم وەک کەرەستەیەکی بینادنەر و بونیادبەخشی نەتەوە دانانێت، بەڵام سەرنجمان بەرەو ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت کە گێڕانەوەی فیلم وەک گێڕانەوەی ڕۆمان و قاڵب و چوارچێوە ئەدەبییەکانی دیکە، لە کەش و کاتدا بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانەوە دەردەکەون و دێنە پێش چاو؛ هەروەها وا دیارە فیلم بۆی هەیە و دەتوانێت چەمک و شوناسی نەتەوەیی لە ناخ و هەناوی بینەردا بورووژێنێت و زیندووی بکاتەوە.

زۆرجار ئایدیای نەتەوەی ئاندێرسۆنی لە ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زۆرینەی توێژەرانی فیلمدا هاتووەتە ئاراوە، بۆ نموونە سوزان هیوارد بە توندی پشتی بەستووە بە دەربڕینی چەمکی نەتەوە و دوان و دەرخستنی پەیوەندیی نێوان شوناسی نەتەوەیی و سینەمای نەتەوەیی. هەروەها هیوارد بە پەیڕەویکردن و دواکەوتنی فیکری ئاندێرسۆنەوە، نەتەوە وەک بوونێک ڕەچاو دەکات کە بەردەوامیی خەیاڵی و بەشداری و هاوبەشێتی، وا لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیە دەکات فۆرم ببەخشنە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و لە هەوڵێکی بەردەوامدابن بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئەم شوناسە نەتەوەییە بۆخۆیان. بۆ هیوارد، سینەمای فەرەنسی بە شێوەیەکی پاڵەکی یاخود ئاشکرا لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای زاڵەوە، کاریان پتەوکردنی دەوڵەتە و بەردەوام دەیانەوێت لە ڕێگەی سینەماوە ئەم دەوڵەتە ببووژێننەوە و وەک خۆی لەسەر لاقی ڕابگرن. هیوارد هەوڵ دەدات تاکوو خۆی لە مەترسی گریمانکردنی شوناسی نەتەوەیی بەشێوەیەکی یەکدەست و هاوبەست ببوێرێت لە ڕێگەی پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییەوە کە بەرهەمهێنانی نەتەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێت و دێتە ئاراوە. بەم پێیە، سینەمای نەتەوەیی دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی سادە و ساکار و بێ گەردی مێژوو نییە، بەڵکوو پتر گۆڕانکاریی مێژووە. بۆنموونە، یەکێک لە ئاسانترین و سادەترین ڕێگاکان بۆ ناسینەوە و پێناسەکردنی فیلمێکی نەتەوەیی یان تەنانەت سینەمایەکی نەتەوەیی بینینەوە و دەستنیشانکردنی سەرچاوە و ئاخێزگە نەتەوەییەکانی فیلمی بەرمەبەستە. سینەمای نەتەوەیی بێگومان ئاماژەکردنە بەو کۆمەڵە فیلمانەی کە لە دڵی دەوڵەت/ نەتەوەیەکی تایبەتەوە دێنە دەرێ یان لەناو دەوڵەت/ نەتەوەدا بەرهەم دەهێنرێن. بەدیوێکی دیکەدا، سینەمای نەتەوەیی وەک تێرمێکی هێمایی، ئاماژەدانە بەو ڕستە فیلمەی کە لە ناخی نەتەوەیەکەوە بەرهەم دەهێنرێن.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە زۆر ڕووەوە دەشێت لۆژیکی ناوەکی سینەمای نەتەوەیی جۆرێک بێت لە گەڕانەوە بۆ وتەزا ڕەسەنەکان و بەگشتی ڕەسەنایەتییە نەتەوەییەکانەوە؛ جۆرێک بێت لە سەرهەڵدان و بەرجەستەبوونی هەموو جۆرە تایبەتیخوازی/ پارتیکولاریزمی نەتەوەی دەمارگرژ و لووتبەرزانەی ناسیۆنالیستی، بەڵام بەدیوێکی دیکەشدا، بووژانەوە و پێداچوونەوە بێت بە شوناسی نەتەوەیی و ڕامان لە خۆ و چوارچێوە و سیما و ڕوخسارە ڕاستەقینەکانی خەڵک و کۆمەڵگا و بەگشتی دەوڵەت/ نەتەوە. تەنانەت زۆر جار سینەمای نەتەوەیی لە توانایدایە کاریگەرییەکی وای هەبێت و کارێک بکات داوا لە بینەر بکات تاکوو هەمدیسان خۆی بە بەشێک لە کۆمەڵگا بزانێت و سەرلەنوێ هەست بەوە بکاتەوە کە سەر بە چ کۆمەڵگا و کولتوورێکی نەتەوەییە.

لێرەوە و بەپێی ئەو باسەی سەرەوە، دەتوانین هەنگاوێکی زیاتر بچینە پێشەوە و بڵێین کە ڕەنگە سینەمای نەتەوەیی بتوانێت سەرجەم کێشە ناوخۆییەکانی وڵات بنوێنێتەوە و لە ڕێگەی کامێراوە کەرت بە کەرت و بڕگە بە بڕگەی و خول بە خول و قۆناغ بە قۆناغی نەتەوەیی و مێژووی نەتەوەیەک بنوێنێتەوە و لە ڕێگەی کامێراوە لە سەریان بدوێت و کێشە جۆربەجۆرەکان لە هەموو ڕووبەرەکاندا بەرجەستە بکاتەوە، بەڵام کامێرا- ئەگەر بەم جۆرە بتوانین لە سەری بدوێین - دەتوانێت وەک چەکێک نەک کێشە ناوخۆییەکانی سنووری دەوڵەت نەتەوەیەک بپێکێت، بەڵکوو کێشە و گرفتە پارتیکولارەکان گرێبدات بە کێشە و گرفتە یۆنیڤێرساڵ و جیهانییەکانەوە.



هاوڕێ یوسفی

# نامەیەکی غەسان کەنەفانی بۆ غادە سەمان





## غادە وەکو فەلەستین هەستت پێدەکەم

■ لە عەرەبییەوە: نیگا

### چیرۆکی خۆشەویستیی غەسان و غادە

غەسان کەنەفانی شۆڕشگێڕ و نووسەری فەلەستینی و غادە سەمانیش شاعیر و نووسەری سووری، لە ساڵانی شەستەکاندا دەکەونە پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە پاش ئەوەی غەسان بە ڕێکەوت لە یەکێک لە زانکۆکانی دیمەشق غادە دەبینێ و یەکتر دەناسن. دواییش لە ئاهەنگێکدا لە قاهیرە سەرەتای عاشقبوونیان دەستپێدەکات. غەسان لە نامەکانیدا جوانترین هەستی عاشقانەی بۆ غادە دەربڕیوە. ئەم چیرۆکە وەک هەموو چیرۆکێکی خۆشەویستیی دیکە ئاستەنگی گەورەی لەبەردەمدا بوو، وەک ئەوەی غەسان مەسیحی بوو غادەش موسوڵمان. غەسان هێندە بە کێشەی فەلەستینەوە گرێدرابوو کە هەوڵی کوشتنی دەدرا و چیرۆکی خۆشەویستییەکەش بە کوشتنی غەسان لە ساڵی 1972 کۆتایی هات، بەڵام ئەوەی پاش بیست ساڵ ئەم چیرۆکەی زیندوو کردەوە، غادە سەمان بوو کە کتێبێکی لە ساڵی 1992 بە ناوی" نامەکانی غەسان بۆ غادە" بڵاوکردەوە، ئەگەرچی غادە دەڵێت: "زۆربەی نامەکان فەوتاون بەهۆی سووتاندنی ماڵەکەمان لە شەڕی ناوخۆی لوبنان".

### نامەکانی غادە بۆ غەسان بۆچی بڵاونەکرانەوە؟

غادە سەمان دەڵێ: لە دوای شەهیدبوونی غەسان، زۆر گەڕاوم بۆ نامەکانی خۆم و داواشم کرد گەر لای هەر کەسێک هەیە بۆمی بنێرێتەوە، بەڵام کەس وەڵامی نەبوو، بەردەوام بۆ نامەکانم گەڕاوم و دەستم نەکەوتوون. من نامەی تایبەتم بۆ غەسان نووسیون، بەڵام هەموویان لەناوچوون. نامەکانی من بۆ غەسان، نامەی تایبەتی ئەدەبی بوون.

غادە لە نامەیەکدا دەڵێ: غەسان شۆڕشگێڕ و خاوەن بیروباوەڕی نەتەوایەتی و خەباتکارێک بوو لەپێناوی خاکی فەلەستیندا، ئەو مەرگی جوانی پیاوێکی عاشقمان نیشان دەدات، پیاوێکی دەگمەن لەم ڕۆژهەڵاتەدا، ئەو نامانەی کە زۆر لە ژنان ئاواتەخوازن غەسان بۆیان بنووسێ.

هەروەها دەڵێ: نامەوێ خیانەت لە خۆم و ڕاستییەکان بکەم. لەبەر ئەو بەڵێنەی لە نێوان من و غەساندا هەبوو، ویستم ئەم نامانە لە موڵکی تایبەتەوە بکەمە موڵکی گشتی و وێنەیەکی ناخی گیانفیداکاریی غەسان ببینن.

نامەکان یان پوختەی هەستی غەسان بۆ غادە لەم چەند نامانەیەدا دەردەکەوێت و ئێوەش لەگەڵ من بیخوێننەوە :

### نامەیەکی غەسان بۆ غادە سەمان:

غادە گیان، دەزانم زۆر کەس بۆت دەنووسن و دەشزانم وشە نووسراوەکان ڕاستیی شتەکان دەشارنەوە، کاتێک من ئەم کاغەزەم گرت بەدەستمەوە بۆتی بنووسم، تەنها شتێکم دەزانی و لە شتێک دڵنیا بووم، شتێک کە دەتوانم بیڵێم ئەویش ئەوەیە کە "خۆشمدەوێی". غادە ئەوە بزانە چیرۆکی ئێمە نانووسرێتەوە. رقم لەخۆم دەبێتەوە گەر ڕۆژێک بیر لە نووسینەوەی بکەمەوە ، من هیچم ناوێت لە تۆ، هێندەی ئەوەی نامەوێ لەدەستت بدەم.

ئازیزم غادە .. لە ژیانمدا کەسم نەناسیوە وەکو تۆ بێت و لە کەسیش نزیک نەبوومەتەوە وەک نزیکبوونەوەم لە تۆ، بۆیە لەبیرت ناکەم و تۆ شتێکی دەگمەنی لە ژیانمدا، لەگەڵ تۆ دەستمپێکرد و وادیارە لەگەڵ تۆش کۆتاییم دێت. غادە ئەی ژیانم ، من شەو و ڕۆژ بیرت لێدەکەمەوە و دەمەوێ هەموو ساتێک بۆت بنووسم، شەو و ڕۆژ... چاوەڕێتم و بیرت دەکەم، خۆشمدەوێیت.

ئازیزم غادە .. لە دووری من چی دەکەیت ؟ بە چرپە ئەو قسەیەی ڕۆژێک بۆت نووسیم و گوتت : قژم بە تەڕی دەهێڵمەوە تا لەسەر لێوت وشکی دەکەمەوە . من لەو ڕۆژەوە لە چاوەڕوانیتدا دەتووێمەوە، چی ڕوویداوە بۆ هەموو کەس دەنووسیت بۆ من نەبێت؟ دیارنەبوونت لە سینەمدا بە جۆرێک گەورە دەبێ چارەکردنی گرانە، ئەگەر تۆ وا دەزانیت کە حەرامیت بە دەستم، ئایا پیتەکانیشت بە چاوەکانم حەرامن؟

غادە، ئەی ئەو ژنەی کە نووسەر و شاعیر و زیرەکیت وای لێکردوویت هەزار ژن بیت ! بۆم بنووسە و چاوەڕێم، هەر چاوەڕوانیش دەبم. لەم ساتەدا بۆم بنووسە لەگەڵت دەمێنمەوە هەر پێکەوە دەبین، من تۆم خۆشدەوێ و لەژیانمدا بۆ هیچ کەس وا نەبووم. نازانم چیت بۆ بنووسم، ئاخر تۆ لە پێستمدایت و هەستت پێدەکەم وەک چۆن هەست بە فەلەستین دەکەم! نازانم چیم دەوێ، نازانم چی بنووسم؟ نازانم لە کوێ کۆتاییم دێ؟ لە ناخمدا دەمزانی من شایەنی تۆ نیم، نەک لەبەر ئەوەی ناتوانم هەردوو چاومت بدەمێ، بەڵکو توانای پارێزگاریکردنتم نییە تاسەر. من لە شتێک دڵنیام ئەویش نرخی تۆیە لەلام، تۆ لە هەموو جەستەمدایت، لەچاو و لێو و سەرمدایت، تۆ ئازار و خۆشیی منیت، تۆ هەموو شتێکی جوانیت کە مرۆڤ دەتوانێ یادی بکاتەوە و پێی بژی. من هەموو شتێکت پێدەڵێم، من بوونم نییە بێ تۆ، هەر ئەوە نییە تەنها خۆشمبوێیت، من بۆ تۆ دەژیم و دەمرم.





**غادە سەمان:**

پیاوێک هەبوو ناوی غەسان بوو، ڕوخسارێکی منداڵانە و جەستەیەکی پیر و دوو چاوی هەنگوینیی هەبوون.
بەڵێ ئەو پیاوە ناوی غەسان بوو، وەک فرمێسکێکی پاك بەچاومەوە لکابوو.

**غەسان بۆ غادە سەمان:**

ئەوەی لەژێر ئەم کراسەدا لێدەدات
دڵی پیاوێکی ڕۆژهەڵاتییە
کە لە تەنکە خۆڵی تاریکییەوە
هاتووەتە دەرێ.